# ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە نێوەندی ڕامیاریەتی جیهان

عەلی کەندی



ئێران وڵاتێکە لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دەکەوێتە باکووری کەنداو.. لە باکوریەوە دەریای قەزوینە.. لە ڕۆژئاوای عێراقو تورکیایە.. لە باکوری تورکمانستانو ئەرمینیاو ئازربایجانە.. لە ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستانو پاکستانە.. ژمارەی دانیشتوانی ئێران ٧٦,٥٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسەو لەو ژمارەیە ١٢,٨٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسی کوردە کە دەکاتە ١٦,٥٪ لە دانیشتوانی گشتی ئێران بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٠ ڕووبەڕی ١,٦٤٨,٠٠٠ کلیۆمەتر چوارگۆشەیەو لەو ڕووبەرە ١٩٥,٠٠٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەی خاکی کوردستانەو بەپێی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤ پێی لکێندراوە کە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە وەك پارچەکانی دیکەی باکورو باشورو ڕۆژئاوای کوردستان، ئەمەش بێ ڕەزامەندی گەلی کوردستانو بەپێی بەرژەوەندیو خواستی وڵاتانی هاوپەیمانو مەلوتکەکانی لە ناوچەکە بەتایبەتی لە کیشوەری ئاسیا.

شایانی باسە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێرانو دروستکردنی سنووری دیاریکراو بەپێێ ئەو پەیمانانەو بووە هۆی ئەوەی کە ئێران ڕۆڵی گرنگی هەبێت لە کیشوەری ئاسیا کە دەروازەی نێوان وڵاتانی عەرەبیو ئاسیای ناوەندو بچووكو ئەورووپا بەیەك ببەستێتەوە، بەهۆی لکاندنی خاکی کوردستان بە دەوڵەتەکەی، کە ئێران تاکە دەوڵەتی فارسە لە جیهانو توانیویەتی ئەم سنوورە لە هەموو ئەو ڕووداوو گۆڕانکارییانەی نێودەوڵەتیو جەنگە جۆراو جۆرەکان بەتایبەتی لە جەنگی یەکەمو دووەمی جیهان بپارێزێت.

ئێران لە چەندین نەتەوەی لێك جیا پێك هاتووە کە سەرەکییەکانیان کوردو ئازەرو فارسو عەرەبو تورکمانو تاکو ٢١/ ٣/ ١٩٣٥ پێێ دەگوترا وڵاتی فارس.. بەڵام لە ئەنجامی بڕیاری کۆمەڵەی نیشتمانی فارس ناوی گۆڕدرا بۆ وڵاتی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی شاهنشاهی محەمەد ڕەزا شا کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەوڵی بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەی دەدا چ لە ناوەوەی وڵاتەکەو چ لە دەرەوەی لە پەیوەندی ناوچەو هەرێمو جیهان بەتایبەتی لە دوای دیاریکردنی سنووری نێوان وڵاتەکەی لەگەڵ تورکیاو ئێراقو بەردەوام بوونی هەوڵەکانیان کە لە ئەنجامی پەیمانی سەعدئاباد لە ٨/ ٧/ ١٩٣٧ لە نێوان ئێرانو عێراقو تورکیاو ئەفغانستان لەسەر بنەماو ڕێنماییەکانی پەیمانی سایکس-بیکۆو لۆزان مۆرکرا.. ئەویش بە ماوە نەدان بە کورد بۆ بوونی هەر نیازێك بەتایبەتی پێك هێنانو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەهەر پارچەیەك لە پارچە دابەشکراوەکانی کوردستان بە تایبەتی لە باشورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە جولانەوەی ڕزگاری گەلی کورد خۆی لە ئاستێکی بەرزدا دەبیینی لە بواری نەتەوەییو نیشتمانی لە ڕێگەی بەردەوامی شۆڕشو ڕاپەڕین.. لە ناوەڕاستی جەنگی دووەمی جیهان هێزەکانی سوپای سۆڤیەتو بەریتانیا لە ٢٥/ ٨/ ١٩٤١ چوونە ناو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو وەك داگیرکەر مانەوەو لە هەمان کات ڕەزا شای ئێرانیان لەسەر کورسی شایەتی هێنا خوارێو محەمەد ڕەزا شای کوڕیان لە جێگەی دانا.

بەهۆی بارودۆخی نێودەوڵەتیو بەردەوامی بوونی جەنگی دووەمی جیهانو لەو کاتەشدا ژێر دەستەیی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو باری کوردو بەرزبوونەوەی کێشە ناوچەگەرییەکان شاندێکی کورد بە سەرکردایەتی پێشەوا قازی محەمەد لە ٢٥/ ١١/ ١٩٤١ سەردانی شاری باکۆی کۆماری ئازاربایجان یەکێتی سۆڤیەتیان کرد لە پێناو گفتوگۆکردن لەگەڵ شاندی سۆڤیەت لە بارەی باری نەتەوەییو نیشتمانی گەلی کوردو کێشە دەرکەوتووەکان لەناوچەو هەرێمو جیهانو داهاتووی کورد لە قۆناغی نوێی دوای جەنگو بەرزبوونەوەی ڕۆڵی ئەمریکا لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیو پەرەسەندنی ڕامیاریەتی جیهانگەری هەمەلایەنەو ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی لە ئەڵمانیاو دروستبوونی بارودۆخێکی نوێو سەرهەڵدانی بەرەو بەهێزبوونی بزووتنەوەی ڕزگاری گەلی کوردستان بەتایبەتی لە هەرێمی باشوری کوردستانی لکێندراو بە عێراقو هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لکێندراو بە ئێران کە بووە ئامانجێکی نەگۆڕی مافەکانی گەلی کوردستان.. لە لایەکی دیکە بەهێزبوونی پەیوەندی لە نێوان کوردو یەکێتی سۆڤیەت دوای جەنگی دووەمی جیهانو دەستپێکردنی شەڕی سارد کە ئەمانە بوونە چەندین هۆکار بەتایبەتی پەیوەندی نێوان ئێرانو یەکێتی سۆڤیەتو تورکیا.. لەو کاتەشدا لە ١٧/ ١٢/ ١٩٤٥ ئاڵای کوردستان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەرز دەکرایەوە بەتایبەتی لە شاری مەهاباد لەلایەن شۆڕشگێڕە کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرکردایەتی پێشەوا قازی محەمەد بە یارمەتیو پشتگیری یەکێتی سۆڤیەتو وره بەرزبوونەوەی لە ئاکام بەرپابوونی شۆڕشو دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ٢٢/ ١/ ١٩٤٦ لە شاری مەهاباد لە گۆڕەپانی چوارچرا ڕاگەیاندرا بە دامەزراندنی حکومەتی کورد لە هەموو بوارە جیاجیاکان، کە کاردانەوەی گرنگی کردە سەر ناوخۆی ئێرانو ناوچەکانی دیکەو وڵاتانی داگیرکەری کوردستانو جیهان بەتایبەتی کارکردنە سەر وڵاتانی هاوپەیمانی بەرژەوەندار بەتایبەتی ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنساو وڵاتی دیکەی هاوپەیمانەکانو دروستبوونی مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی شای ئێرانو تورکیاو عێراقو سوریا بەهۆی بارودۆخی نوێی ئەوکاتو هێزی بزووتنەوەی ڕزگاری گەلی کوردستان، بوونی کۆماری ئازاربایجانو هاوکاریکردنی کۆمار، کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەو لێك ترازان دەسەڵاتەکان لەو وڵاتانەو دەستپێکردنی گفتوگۆی نێوان وڵاتانی سەرمایەدارو سۆڤیەت لە پێناو گەڕاندنەوەی بارودۆخەکە کە بۆ باری جاران ئەمانە هەمووی بۆ کارکردن لە ڕامیاریەتی سۆڤیەت بەرامبەر بە کوردو لە ئاکام دەسەڵاتی سۆڤیەت بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی سوپایدا لە ٢٣/ ٣/ ١٩٤٦ لە خاکی ئێران لە ماوەی ٤٥ ڕۆژداو لە هەمان ڕۆژی ئەو بڕیارەو مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی تێکەڵاو لە نێوان ڕژێمی شا لە ئێرانو یەکێتی سۆڤیەت مۆرکرا، کە ئەمەش ڕێگەخۆشکەربوو بە ماوەدان بە ڕژێمی شاو پەلاماردانی کۆماری کوردستان لەگەڵ ئەوەشدا شەڕو پێکدادان لە نێوان هێزەکانی سوپای ڕژێمی شایەتیو شۆڕشگێڕە کوردەکان بەردەوام بوو سەرەڕای ئەوەش ڕێکەوتنامەی هاوکاری هەمەلایەنە لە نێوان کۆماری ئازربایجانو کۆماری کوردستان لە ٢٣ /٤/ ١٩٤٦ لە ژێر چاودێری ڕووسەکان مۆرکرا.

بەهۆی ئەو بارودۆخەو کاردانەوەی لەسەر دەسەڵاتی ئێرانو کاردانەوەی بۆ سەر وڵاتان دروستکراو لەسەر خاکی کوردستانو هاوکاریکردنی یەکتریو پشتگیری یەکێتی سۆڤیەت بۆ ڕژێمی ئێران بە ئامۆژگاری ئەمریکاو بەریتانیاو گونجاندنی بارودۆخی بۆ دەسەڵاتی ڕژێمی شا لە ئێرانو لێك نزیکبوونەوەی ناوچەگەری لەسەر بنەماکانی جیهانگەری بەتایبەتی لە نێوان سۆڤیەتو لایەنگرانیو ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە کیشوەری ئاسیاو بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە ناوچەیەکی دەریای نەوت ناوزەند دەکرا بەتایبەتی خاکی کوردستان لە هەردوو هەرێمی ڕۆژهەڵاتو باشوردا.. ئەمانە بوونە هۆکاری پەلاماردانی کۆماری ئازربایجان لە ٧/ ١٢/ ١٩٤٦ کە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ ئەم کۆمارە لەناوبرا لە ١١/ ١٢/ ١٩٤٦ دوای ئەو کارەو سەرکەوتنی ڕژێمی شا هەنگاوینا بەرەو کۆماری کوردستانو لە ١٧/ ١٢/ ١٩٤٦ پەلاماریداو دەستگیرکردنی پێشەوا قازی محەمەدو حەمەشا لەکاتیو دادگاییکردنی کارتۆنی لە ٢٩/ ٣/ ١٩٤٧ لەلایەن دادگای تایبەتی ئێرانو دوایی لە سێدارەدانی پێشەوا قازیو هەڤاڵانی لە ٣١/ ٣/ ١٩٤٧ لە گۆڕەپانی چوارچرا لە شاری مەهاباد.

ئەم بارودۆخە نوێیەی کە بەسەر جولانەوەی ڕزگاری گەلی کوردستاندا هات کاردانەوەی نەك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد بەڵکو کاردانەوەی ناهەمواری لەسەر هەموو بزووتنەوەی کورد کردو بوە هۆکاری کارلێکردنی باری داهاتووی کورد لە ماوەیەکدا تاکو هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول لە ١١/ ٩/ ١٩٦١ لە هەرێمی باشووری کوردستان.

بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامی بە ڕابەرایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی لە ١١/ ٢/ ١٩٧٩ بە لە گۆڕانی ڕژێمی شایەتی چ گۆڕانکاریی بەرچاو لە باری گەلی کوردستان نەکرا کە ڕژێمی شایەتی بە پشتیوانی ئەمریکاو هاوپەیمانی هەڵسوکەوتو ڕەفتاری بەرامبەر بە کورد ئەنجامدەداو بە پێچەوانەی ئەویش کۆماری ئیسلامی بەشێوەی ناڵەبار هەڵسو کەوتو ڕەفتاری بەرامبەر بە کورد ئەنجام دەدات. ئەمڕۆش ئێران کەوتۆتە نێوان دوو ڕووبەڕبوونەوەی، یەکەمیان ڕووبەڕبوونەوەی ناوخۆیی لەگەڵ گەلانی ئێران لەناو وڵاتەکەداو دووەم ڕووبەڕبوونەوەی لەگەڵ ئەمریکاو کۆمەڵگاو نێودەوڵەتی کە دەست تێوەردان بە ئاشکرا لە کاروباری عێراقو سوریاو لوبنانو فەڵەستینی دەکات کە ئەمانە هەر هەمووی تاقیکردنەوە بۆ سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاری گەلی کوردستان بەتایبەتی لە هەرێمی باشووری کوردستان کە ئەم تاقیکردنەوەو دارشتنی پلانێکی یەکگرتوو نەك لەپێناو بەرەو مەرگەسات بەڵکو لەپێناو بەرەو سەرکەوتن بەتایبەتی کە دوای پلانەکەی بۆشو کۆبوونەوەی پەرلەمانی تورکیا لە ١٨/ ١/ ٢٠٠٧ لە بارەی باری کەرکوكو ماددەی ١٤٠و بوونی دەسەڵاتی کوردیو پەلاماردانی پارتی کرێکارای کوردستان، کە ئەمانە هەمووی نامەن بۆ کوردو داهاتووی کوردستان لەهەموو بوارەکان بەتایبەتی لە بواری نەتەوەییو نیشتمانی کە ئەمەش بەندە بە سەرکردایەتیەکی بەرەیی لە بەرەیەکی کوردستان کە هەموو پارتو ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە خۆ بگرێو ڕاوێژکردن لە گەڵ سەرکردایەتیو کەسایەتی کوردستان لە هەرێمەکانی دیکەی کوردستان لە پێناو بەرەو سەرکەوتنی گەلی کوردستانو خۆشگوزەرانی گەلانی ئێرانو تورکیاو هەموو ناوچەکە.

# شاردنەوەی شکستی سیاسی و پەنا بردن بۆ نەژادو ڕەگەز پەرستی

بارزان شوان - سوید-
uvnbas@hotmail.com

بەشی دووەم و کۆتایی



مەبەستمان لێرەدا ئەوەیە کە شەڕخوازەکان هەر چ جۆرە هۆیەك و مەبەستێکیشیان هەبێت، دەبێت بە هەموو توانایەکەوە بەرگیریان لێ بکەین و نەهێڵین بە مەرامەکانیان بگەن، بە گرتنە بەری سیاسەتی شەڕخوازی دەبێتە هۆی مانەوەی ئەو میلیشیانەی کە بە جۆرەها ناوی جودا جوداوە پەیدا بوون و بۆ بەرژەوەندی مانەوەی خۆیان هەردەم ئامادە باشن کە هەر چەشنە کارێکی نامرۆڤایەتی هەیە بەئەنجامی بگەیەنن، ئەم جۆرە کارانە دەبنە هۆی نەمانی دابین کردن و ئاسانکردنی ڕێگەی ژیانی ئاسایی بۆ گشت هاولاتیان، هەر بۆیە هەمیشە وڵاتێکی سەر با یاسا هەمیشە زامنێکە بۆ ژیانێکی ئاسوودە بۆ گشت هاووڵاتیان بە بێ فەرق و جودا. کاتێك کۆمەڵگا بڕیار دەدات کە ئەم جۆرە گروهە سیاسیانە نەمێنن، بێگومان دەبێت چاوەنواڕی بە گژچوونی ئەو گرووپانەش ببنەوە، تا ئەو گرووپانە بە خۆیان دان بە وڵاتێکی ئارام و سەر بە یاسا نەهێنن، هەرگیز ئەو کۆمەڵگایە پێش ناکەوێت، هاتنە کایەوەی ئەو سیاسەتە نوێیە دەبێتە هۆی هەڕەشە کردن لەو کەسانەی کە بە مەرجەکانی ڕەوشی سیاسی و قانونی و یاسایی قایل نابن.

عێراق وڵاتێکی نەخۆش و بێ توانا نیە، بەڵکو تەنها سەددامی گۆڕ بە گۆڕ بوو کە بە هۆی بەڕێوەبردنی سیاسەتە چەوتەکانیەوە توانی ئەو وڵاتی عێراقە خاپور بکات و یەکسانی و تەبایی لە نێوان گەلانی عێراقدا بنبڕ بکات، بەڕێوە چوونی سیاسەتە چەوتەکەی بریمەریش ڕێخۆشکەرێك بوو بۆ دروست بوونی چەند گروپێکی سیاسی توندڕەو کە زووتر لەو وڵاتەدا کارمەند و بە توانا نەبوون، بەڵام هەر لە بەر ترسی درووست بوونی عێراقێکی بەهێزی چەکدار کە لە پاشەڕۆژدا دووبارە نەتوانێت هەڕەشەی گەلانی خۆی و دراوسێکانی بکات، بوو بە هۆی ڕووخاندنی ئەو بنەما نەتەوایەتیانەی کە گشت میللەتانی عیراقی لە نێو میللەتانی تری جیهاندا جیا بکاتەوە وەك چۆن زووتر لە ڕێزگرتنی نێونەتەوەییدا بە ئاشکرا ناویان لە نێو گەلانی پێشکەوتووخوازدا بۆوە، تەنها بەنەبوونی یەکسانی و تەبایی ناکرێت جودا بێت لە گەڵ نا تەبایی و نەمانی بەرژەوەندیە گشتیەکان.

دابڕانی یەکسانی ونەمانی دەسەڵاتی یاسایی نێوان تایفەگێڕەکاندا ناکرێت لە گەڵ بەرژەوندییە گشتیەکانی گەلانی عێراقدا جیا کرێنەوە، گشتمان دەزانین کە (تیرەگەری نە ئیمان و باوەڕە، نە داب و نەریتیشە)، بەڵکو ئەوانیش لە کۆمەڵە کەسانێك پێك هاتوون کە زنجیرە نەریتێکی نەگۆڕی پەیوست بە تیرەکەیانەوە بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە، بەرژەوەندی کۆمەڵگەو پێداویستیە گشتیەکانی خۆیان بەر لە هەر بەرژەوەندیەکی تر پێش چاو دەگرن. لادانی تایفەگێڕەکان بە واتەی گرتنە ڕێی شەڕخواستن یاخود گرژی دەربڕین ڕووبەڕووی هزرو هۆش و ئاین نییە، بەڵکو خۆهەڵقورتاندنێکە لە کارە نێوخۆیەکانی سەر بەو کۆمەڵگایە کە ئەو چەند کەسەی هاوڕەگەزن پێکەوە دەگرێتەوە، ئەو شەڕ و پێکداچوونەی نێو ناوچە سونییەکان تەنها بە گێڕە شێوێنی سەددامیەکان ناکرێت لە قەڵەم بدرێت، بەڵکو نەمانی ئەو دەسەڵاتەیە کە زووتر ناوچە سەر بە سونییەکان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە عێراقدا هەر لە ساڵانی بیستەوە بژمێرە هەر بە خۆیان حوکومدار بوونە و ئەوڕۆ لە دەستیان داوە، نەمان و ڕووخاندنی ئەو بەرژەوەندییە گشتیانەی کە سوننەکانی بە یەکەوە گرێدابوون بوونە هۆی دابڕانی زنجیرەیەك لەو داب و نەریتانەی کە هەر دووك تایفە سونی و شیعەکان زووتر هەیان بووە ئەوڕۆش لە یەکی دابڕیون، شەڕخوازە سونییەکان کە ئەوڕۆ بە چەك دەیانەوێت مافە کۆنەکانیان بۆ خۆ بگەڕێننەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە میلیشیا سەر بە شیعەکان بە هەمان شێوە وەڵامی ئەو تاقمانە بدەنەوە، نەمانی متمانە بە یەکدی و نەمانی ڕێزگرتنی یاساو هەوڵدان بۆ گرتنی پایەو دەسەڵات بۆتە ڕێخۆشکەرێك بۆ نەکوژاندنەوەی ئەو شەڕە ناوخۆییەی کە ئەوڕۆ لە عێراقدا بە دی دەکرێن.

ناکرێت سیاسەتێك بەڕێوە بچێت کە تەنها بۆ بەرژەوەندی چەند تاقمێك هاتبێتە چەسپاندن، کە لە سەر کاغەزدا جۆرێکەو لە ژیانی پراکتیکیشدا بە پێچەوانەوە بێت، بێگومان ئەو سیستەمە دەبێتە هۆی ناڕازی بوونی چەند تایفەیەکی سەر بە سوننییەکان، دابڕانی چەند ناوچەیەك لە گشت پێشڤەچونێك و نەهێشتنی مافە سەرەکیەکانی هاولاتیان بە خۆی هەڕەشەیەکە لە مانەوەی ئەو تیرەو هۆزانە، ئەم ڕەوتە سیاسیە بێگومان دەبێتە هۆی وەڵام دانەوەی چەکداری بۆ پاراستنی بنەما گشتیەکانی تایفە جوداکان، جا خۆ ناکرێت گشت سوننە سزا بکرێت هەر لە بەر ئەوەی کە سەددام لە ڕەگەزدا لەو تایفەیەوە هەڵقولابوو.

خۆ سەربازە بەشداربوەکانی ڕژێمی ئەو کاتەی سەددام تەنها لە تایفە سەر بە سوونەکان پێك نەهاتبوون، بگرە زۆربەی زۆری شیعەش و هەندێك لە خۆفرۆشانی کوردیش بە هەمان شێوە بەشدار بوون لە بەڕێوەبردنی گشت ئەو تاوانانەی کە لە سەردەمی سەددامی ئەژدەهاکدا دژ بە خەڵقانی عێراق بەکار دەبران، بێگومان دەبێت ئەو کەسانە دادگا بکرێن کە دەسەڵات دار بوونەو دەستیان لە خوێنی گەلانی عێراق گلارا بووە، شەڕی سوننەی ئەوڕۆ لە سەر ژمێرەی ئەو بنیاتەیە و بە ئاشکرا دیارن کە تەنها بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و پارەیەو هەموو پێکهاتەیەك بۆ چەند سەرانێکی دەستڕۆیشتووی ئەوڕۆی عێراقە.

ئەگەر بە ووردی بیری لێبکەینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو دابەشبوونە سیاسیەی ئەوڕۆ لە عێراقدا بەرپا دەکرێت بە شێوەیەکی هەتا هەتایی دەمێنێتەوە، دەکرا ئەو شەڕی ناوخۆیە نەهاتایە کایەوە گەر دەسەڵات بە شێوەیەکی گشتی و بە یەکسانی و بێ فەرق و جودا بە سەر گشت گەلانی عیراقدا دابەش بکرانایە، بێگومان بە ڕای گروپە سوننییەکان ئەو نا یەکسانییە تەنها بە شەڕ چاك دەکرێتەوە بە تاقە ڕێ چارەی خۆیانی دەژمێرن، کەواتە تا وەکو بوونی دەسەڵاتی زۆرینە بە سەر کەمایەتیەکاندا زاڵ بێت ئەو شەڕو پێکدادانە هەر بەردەوام دەبێت و وەك خۆی دەمێنێتەوە. بوونی ئەو گرژی و شەڕی ناوخۆیەی عێراقی ئەوڕۆ دەکرێت لە گەڵ ئەو ئالۆزیانەی لە لوبناندا بە دی دەکرێت بەراورد بکرێت، شەڕی ناوخۆی ئەو وڵاتە نە پەیوەندی بە ڕووخاندنی سەددامەوە نە بە شەڕی عەرەبەوە دژ بە ئەمریکیەکانەوە هەیە، پەیوەندیشی نیە بە تەقینەوەی ئەزموونی دارماوی ئەوڕۆی عێراقو بە وڵاتانی دراوسێوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ ئالۆزاوە بە ڕژێمی تیرەگێڕی ڕەگەزی ئەو سیاسەتە کە ئەوڕۆ بە ئاشکرا ڕەچاو دەکرێت و بە زۆرە ملێ بە سەر گشت لایەنە سیاسیەکاندا دەسەپێنرێت، گەر بهاتایە دەسەلاتدارانی ئەوڕۆی ئەو وڵاتە بە یەکسانی خێروبێری عێراقیان دابەش بکردایە و سەرەك میلیشیا و حیزبیەکان بە توورەکە پارەیان بۆ خۆگرمۆڵە نەکردبایە، ئەزموونەکە نەدەگەیشتە ئەو بارە گرانەی کە بە ناڕەزایی گشت گەلانی عێراق بە سەر گشت چین و توێژەکاندا سەپێندراوە، زۆربەی ئەو شەڕانە جگە لە کارە تیرۆریستیەکان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بەرووبووم و خێراتی سەر بە ناوچە سوننییەکان.

باری ئابووری سەر بەو ناوچانە گەلێك کەمترن لە ناوچە سەر بە شیعەکان، ئەوڕۆ سەرەك تایفە و عەشرەتە شیعەکان حوکم دەگێڕن، خۆیانە کە شیعەکان لە عێراقدا زۆرینەن، وە هەر ئەوانیش دەتوانن بەروبوومەکان دابەش بکەن.

هەر لە شاری موسڵیش بوو کە پارێزەرێك بە زۆری کورسیەکەی خۆی پاراست کە زووتر یەکێك بوو لە دەسەلاتدارانی ڕژێمی بەعسی فاشی، خۆ هەر سەددامیش بوو کە بە فرۆکەی جەنگی لە ساڵی ١٩٩٥ لە شاری رومادی دا، کە پایتەختی ئەنبارە، هەر بە خۆشی لە ساڵی ١٩٩٦ گەلێك لە سەرانی شاری تکریتی لە سێدارە دران، ئەویش بە ناوی ئەوەی کە گوایە ویستوویانە ڕژێمەکەی بڕوخێنن.

ئەم وەبیرهێنانەوەیە تەنها چەند ڕووداوێکی کەمن کە لێرەدا باسی دەکەین، مەبەستیشم هەر ئەوەیە کە گشت گەلانی عێراق بە پێی توانای خۆیان بەشدار بوون لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی فاشیست، هەڵەی گەورە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵدانی هەر تایفەیەك لە عێراقدا بۆ گرتنی بەرژەوەندیەکی زیاتر لە تایفەیەکی تر، هۆکارە ناوخۆییەکان و دەرەکیەکان بوونە هۆی نەمانی ئەو ڕژێمە کۆنەپەرستە، ناکرێت ئەوڕۆ ئەو بەرووبوومەی کە لە عێراقدا هەیە بۆ زۆرینە تایفەیەك بگەڕێتەوە، هیچ گەل و تایفەیەك زیاتر لەوی دی خەباتی نەکردوە بۆ لەناوبردنی دیکتاتۆریەت، جا یان عێراقێکی یەکسان هەبێت یاخود با بە یەکسانی ئەو وڵاتەی کە بە عێراق ئەوڕۆ ناسراوە بە سەر گەلانی عێراقدا دابەش بکرێت، یاخود تەنها چارە ئەوەیە کە بگەڕێینەوە بۆ بەرپابوونی وڵاتێکی دیموکراتی فیدرالی یەکسان کە تەنها یاسا سەروەر بێت و هزرو هۆشی مرۆڤایەتی بە سەر زۆرداریدا زاڵ بێت و، ڕوو کەینە پاشەڕۆژێکی گەشەدار کە یەکسانی و خۆگریو ئارامی ڕۆڵی خۆی تێدا بنوێنێت و لە هەڵە مێژوویەکان وانە وەرگرین و وڵاتێکی شکۆدار بۆ نەوەکانمان دابین بکەین.

